# پیتی ئینگلیزی بۆ نووسینی کوردی

احمد کاکەحمە
Aha_55@yahoo.com

پێش سێ ساڵ نووسینێکم بلاوکردەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی پیتی ئینگلیزی بۆ نووسینی کوردی. لەبەر گرنگی بابەتەکە بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی رۆژانە کۆمپیوتەر بەکار ئەهێنن ، یان چات ئەکەن یان ئیمەیل ئەنووسن ، بە پیوستم زانی جارێکی تر بیخەمەوە بەرچاو. هەمان نووسینی پێشووە بە هەندێ گۆرانی کەمەوە.

من پیم باشە ئەم نووسینە ببێتە مایەی گفتوگۆ یان نووسین لەسەری بۆ ئەوەی لایەنە باش و خراپەکانی ئەم جۆرە پیتانە دەرکەوێ لە نووسینی کوردیا. ئەوەی من تێبینی ئەکەم کە لە چاتە کوردیەکاندا یان لە نووسینی ئیمەیلدا هەرکەسەو بەشێوەیەك پیتە بزوێنەکان و هەندی پیتی تر ئەنووسێ ، بۆیە بە پێوستم زانی کە ئەو پیتانە یەك خرێن ، بۆ ئەوەی بەئاسانی بخوێنرێنەوە.

ئەگەر کەسێك بیەوێ شتێکی لەبارەوە بنووسێ یان راستی کاتەوە کارێکی زۆر باش ئەکات . ئەگەر ویستیشی بە ئیمەیل بۆم بنێرێ بۆ راست کردنەوە یان هەر بیرۆکەیەکی تری هەبێ بە خۆش حالیەوە وەریئەگرم ، بۆ ئەوەی بزانین ئەم پیتانە چ کێشەیەك بۆ نووسینی کوردی دروست ئەکەن.

بەلای منەوە ، لایەنە باشەکانی ئەم پیتانە زۆر لە لایانە خراپ و نەگونجاوەکانی زیاترن ، رەنگە لەنووسینی ووشەیەکی کوردیا بە پیتی عەرەبی ، لەنووسینی بەم پیتانە باشتر بێت بەلام بەگشتی ئەم پیتانە بۆبەکارهێنانی لە کۆمپیوتەر باشترو لەبارترە. لە سەر هەر کۆمپیوتەریك بیت لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە ، ئەتوانی ئەم پیتانە بەکار بهێنی. هەندێ لە پیتەکان هیچ کێشەیەکیان نیە بۆیە لیرەدا باسی لێوە ناکەم ئەوەی مەبەستمە زیاتر ئەو پیتانە کە داتاشراون کە بەشێکیان لە نووسینی لاتینیشدا هەمان شێوەن.

گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا لەماوەی ئەم چەند ساڵەی پێشوودا تەکانێکی باشی دا بە پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن ، راگەیاندن ، هەروەها لە بە کۆمپیوتەرکردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان لە کارگەکاندا تا دەگاتە ئامرازە پێویستەکانی رۆژانەی مرۆڤ وەکو تەلەفۆن ، تەلەفزیۆن ، ڤیدیۆ ، دیڤیدی و کامێرای دیجیتال و شتیتر.

ئەم زانستە ئەوەندە بە خێرایی ئەروات کە ئەوەی لەو بوارەدا کار نەکات فریای فێربوونی ناکەوێت ، بە تایبەتیش لە بە کار هێنانی کۆمپیوتەردا، ئەمەو بێجگە لە بوواری بەرنامە داناندا کە ئەویش یەجگار بە خێرایی ئەروات. لەماوەی چەند مانگێکدا بەرنامەی جیاجیا دادێت و گرنگی ئەوەی پێش خۆی کەم ئەکاتەوەو هەندێ جاریش نایهێلێ . فریای ئەوە ناکەویت فێری‌بیت یەکێکیتر دادێت. هەرچەندە ئەمانە پێشبرکێیەکی بازرگانییە بەلاّم کاری کردۆتە سەر هەمووان و لە ژیانی رۆژانەدا پێویستمانن.

کەرەسە گرنگەکانی تێکەیشتنی ئەم بووارانە زمان و رێنووسە (ئەلف و بێ)یە. کورد بێ بەشە لە ئەلف و بێی خۆی بۆ تێگەیشتنی تەکنەلۆجیا یان هەر هیچ نەبێ لە بەکارهێنانی رێنووسی کوردیا لە بووارەکانی پەیوەندیکردن دا. نە ئەو ئەلف و بێیەی بە پیتی عەرەبی ئەنووسرێ هی کوردە ، نە ئەوەی لاتینیش. هیچ کام لەم شێوە نووسینانە لە پرۆگرام و دروست کردنی کۆمپیوتەردا بەکار ناهێنرێن ، بە واتایەکی تر ئەساسی هەر بەرنامەیەك چ لە کۆمپیوتەرو چ لە ئالەتەکانی تردا دارشتنەکەی بە پیتی ئینگلیزیە. بەلام دوای دەرچوونی بەرنامەیەکی تازە ، زمان و رێنووسەکانی تر، ئەو بەرنامەیە بۆ شێوەی نووسینی خۆیان ئەگونجێنن ، یان ئاسانگاری تیا ئەکەن ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەرنامە تازەیە بە زمانی خۆیان بەکار بهێنن بەلام ئەو گونجاندنە پارەو ماوەیەکی زیاتری پێویستە.

ئەو لاتینیەی کە ئێستا کورد بەکاری ئەهێنێ لەوەی تورك وەرگیراو ، کە کاتی خۆی کمال ئەتاتورك بۆ زمانی تورکی داتاشی ، کە ئەسڵەکەشی لاتینیە، کە وابێت بۆ خومان ئەو پیتانە بۆ زمانی خۆمان نەگونجێنین؟ وا بێت کە هەموو

کوردێک بتوانێ بەکاری بهێنێ بێ ئەوەی بەرنامەی تایبەت یان کێبۆردی تایبەت بۆ نووسینی هەبێ واتا راستەوخۆ بە پیتە ئینگلیزیەکان بنووسێ . پیم باشە ئەم پیتانە جێگای پیتی لاتینی لە کۆمپیوتەردا بگریتەوە چونکە پیتە لاتینیەکانیش هەر داتاشراون بۆیە پیرۆز نین ، ئەوەی گونجاوەو پیویستە بۆ ئیستا و داهاتووی کورد ئەوە کرنگ و پیرۆزە.

## گرنگی بەکار هێنانی ئەم پیتانە

بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لایەنی باش و گەش ( ئیجابی) لەو شێوە نووسینە( ئەلف و بێ) یەدا هەیە، کورتەکەی ئەمەی لای خووارەوەیە:

- باشترین رێگا(چارەسەر ) بۆ نزیك خستنەوەو یەك خستنی زمانی کوردی شێوازی نووسینە ( ئەلف و بێ)یە.هەر ئەم یەکخستنی پیتانەش وا ئەکات خوێندنەوە، نووسین ، لێك تێگەیشتن و فێربوونی زمانی کوردی ئاسانتر بێت.
- بەشێکی زۆری کورد لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بژین گەورەو بچوك پیتە ئینگلیزیەکان ئەزانن ئەمە رێگە خۆشکەرێکی باشە بۆ فێربوون و بەکار هێنانی بە کوردی.
- لەم سەردەمەدا زانستەکان و تەکنەلۆجیاش بە زمان و پیتە ئینگلیزیەکان نووسراون، ئەمە ئەبێتە یارمەتی دەرێکی باش بۆ فێربوون و پێشکەوتن لەم بووارانەدا.
- نەوەی داهاتوو نەوەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر ، ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیایە ، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە ئەو ئاسانکاریەی بۆ بکرێت.
- کیبۆرد  کە کلیلی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە و ستاندەرەکەی بە ئەلف و بێی ئینگلیزیە ، بۆیە لە بەکار هێنانی ئەو ئەلف و بێیەدا پێویستمان بە کیبۆردی گونجێنراو و بەرنامەی تایبەت نابێت.
- ئەم پیتانە هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی پێ ئەنووسرێت بەو شێوەی کە کورد لەسەری رێك بکەوێت.
- بەم رێنووسە لە بەکارهینانی هیچ ئامێرکدا کێشە دروست نابێ ، هەر کاتێ کومپیوتەر، کەرەسەیەکی تر یان هەر بەرنامەیەکی نوێ دەرچێ ئەتوانرێ دەم و دەست ( یەکسەر) بەکار بێت.
- ئەو زاراوانەی کە لە زانستەکاندا هەن ، یان دروست ئەبن ،  بە هەمان ئەلف و بێیە، کوردیش ئەتوانێ وەکو خۆی بینووسی و بەکاری بهێنێ و هەمان دەنگی هەبێ.
- جاران تەکنەلۆجیا نە هاتبووە ناو کارو باری رۆژانەمانەوە و نووسین بە دەست بوو، ئەم رۆژگارە زۆر شتی تازەی داهێناوە بۆیە ئێمەش هاوتەریب لە گەڵیا بڕۆین پێش دەکەوین.

بەکار هێنانی ئەم پیتانە مانای وانیە کەهەر کوردێك ئەو پیتانەی ئیستا بەکار ئەهێنێ فەرامۆشی بکا و وازی لێ بهێنێ ! مەبەستەکە ئەوەنیە ، تەنها ئەوەیە کە کورد لە کێشەی نووسین لەکۆمپیوتەردا رزگاری بێت ئەگەر گونجاش یان گەشەی پێدرا دووای رەنگە چەندان یان دەیان ساڵی تر جێگای هەموو پیتەکانی تر بگرێتەوە.

## پیتەکان:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| A | ا - ئا | Au | ئاو | Zana | زانا |
| B | ب | Berd | بەرد | Feerbwn | فێربوون |
| C | ج | Camane | جامانە | Bac | باج |
| Ch | چ | Chem | چەم | Wirich | وورچ |
| D | د | Dar | دار | Herd | هەرد |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| E | ه - ئه | Ez | ئەز | Were | وەرە |
| ee | ێ - ئێ | dee | دێ | Eere | ئێرە |
| F | ف | Ferman | فەرمان | Befir | بەفر |
| G | گ | Gameesh | گامێش | Reg | ڕەگ |
| Gh | غ | Ghardan | غاردان | Ghalyge | غالیگە |
| H | ه | Heur | هەور | Zebelah | زەبەلاح |
| I | بزوێنی کورت | Min | من | Jin | ژن |
| J | ژ | Jehir | ژەهر | Kaj | کاژ |
| K | ك | Kany | کانی | Dirrik | دڕك |
| L | ل | Lence | لەنجە | Cil | جل |
| LL | ڵ | Lall | لاڵ | Telle | تەڵە |
| M | م | Mar | مار | Sheunim | شەونم |
| N | ن | Naz | ناز | Jan | ژان |
| O | ئۆ - ۆ | Orduge | ئۆردوگا | Mon | مۆن |
| P | پ | Pereez | پەرێز | Top | تۆپ |
| Q | ق | Qap | قاپ | Teqe | تەقە |
| R | ر | Kar | کار | Zerd | زەرد |
| Rr | ڕ | Rewend | ڕەوەند | Kerr | کەڕ |
| S | س | Serdar | سەردار | Das | داس |
| Sh | ش | Shene | شەنە | Mash | ماش |
| T | ت | Tam | تام | Kat | کات |
| U | و - ئو | Dujmin | دوژمن | Pirtau | پرتاو |
| V | ڤ | Viyan | ڤیان | Dever | دەڤەر |
| W | وو – و | Wane | وانە | Zw | زوو |
| X | خ | Xall | خاڵ | Dax | داخ |
| Y | ی | Yar | یار | Xaky | خاکی |
| Z | ز | Ziryan | زریان | Raz | ڕاز |
| ’ | ع | ’azeb | عازەب | Ba’e ba’ | باعە باع |

- Ch لەنووسینی ئینگلیزیشدا بە ( چ ) ئەخوێنرێتەوە ، هەروەها ( Sh) بە ( ش ) ئەخوێنرێتەوە.
- بۆ پیتی ( ێ ) کە ئەمیش قەڵەوە ee بەکار بێت.
- پیتی (i) بزوێنی کورتە وەکو لە ووشەی پرد ( pird ) ، گرد ( gird )دا دەرئەکەوێ.
- بۆ پیتی (ل)ی قەڵەو (LL) بەکار بێت.

- لەکوردیا پیتی ( ر ) کە لەسەرەتایووشەدا بێت قەلەوە واتا ( ڕ)یە ، بەلام  تەنها بە یەك (R ) بنوسرێ بەسە.
- هەموو پیتێکی  ( و ) کە لەسەرەتا ووشەدا بێت بە   W بنووسرێ بۆ ئەوەی بە (ئو - U) نەخوێنرێتەوە  ،   وەکو ( وەرە  Were، وازی  Wazy).  بەلام لە ناوەراست و کۆتایی ووشەدا لە جیاتی دوو ( وو ) بنوسرێ.

## پاشکۆ

کاتی پێشوو کە ئەو نووسینەی سەرەوەم نووسی، هەندێ بەرێز بە ( ئیمەیل ) داوای ئەوەیان ئەکرد کە هەندێ پیت لە زمانی فارسیدا هەیەو نازانن چۆنی بنووسن. گەرچی ئیمە ناتوانی لە جیاتی عەرەب و فارس پیت داتاشین بۆیان ، بەلام هەر دوو زمانەکە کاریان کردۆتە سەر زمان و نووسینی کوردی ، ئەویش بە وەرگرتنی هەندێ ووشە لەو زمانانەوە و بەکار هێنانیان لە نووسینی کوردیا، گەرچی هەندێك لەو ووشانە گۆرانیان بەسەر هاتووەو ناناسرێنەوە بەلام لەگەل ئەوەشدا هەر مۆرکی زمانی بێگانەی پێوە دیارە. لەو پیتانەی سەرەوەش  هەیە لە بنەرەتدا لە کوردیا نیە یان زۆر دەگمەنن وەکو ( ع ، غ ...)،لەگەل ئەوەشدا لە ریزی پیتە کوردیەکاندا نووسراون . هەندێ لەم پیتانەی خوارەوەش لە هەندێ ناوچە یان هەریمدا بەکار دێت کە زمانی فارسی یان عەرەبی تیایدا زالە.بۆیە وەکو نموونەیەك بەم شیوەیە نووسراون:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| dd ذ | ah ة | th ث | ss ص | dh ض | th ط | d’h ظ |